مەسعود بارزانی لەبارەی کوشتنی ئەکبەر حاجی ڕەستەم:تەکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ناسراو بو

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی کوشتنی ئەکبەر حاجی ڕەستەم، کەسایەتی دیاری ناوچەی گەرمیان ڕایگەیاند، ئەو تەکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ناسراو بو. پەویستە بە زوترین کات تاوانباران بدۆزنەوە و بە سزای تاوانی خۆیان بگەیەندرێن. هەروەها هاوخەمیی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و هاوڕێ و ئاشنایانی ئەکبەر حاجی ڕەستەم و خەڵکی گەرمیان کرد.

بارەگای بارزانی ئەمڕۆ سەشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بە داخەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدکردنی فەرماندەی پێشمەرگە و کەسایەتیی خەباتگێڕ (ئەکبەر حاجی ڕەستەم)ـمان پێ گەیشت. ئاماژەی بەوەشکرد، ئەکبەر حاجی ڕەستەم تەکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ناسراوی دەڤەری گەرمیان و جێی ڕێزی خەڵکی کوردستان بو و لەدەست دانی خەسارێت و کەلەنەکی گەورەیە. پەویستە بە زووترین کات دامودەزگاکانی دەڤەری گەرمیان تاوانباران بدۆزنەوە و ڕادەستی یاسا بکەن و بە سزای تاوانی خۆیان بگەیەندرێن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و هاوخەمیی خەمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار

و هاوڕێ و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو ئەکبەر حاجی ڕەستەم و خێزانکی گەرمیان دەکەین و خەمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین ڕەحمی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەك ببەخشێت.

ئەوە لەکاتێکدایە شەوی ڕابردوو ئەکبەر حاجی ڕەستەم کەسایەتی دیاری گەرمیان و کادیری دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، لەناو باخەکەی خۆی لە گوندی ئەمریل لەو سنوری قەزای کفری کوژرا.